الاتحاد العام اللاجئين العراقيين- فرع بريطانيا
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-BRITAIN

# دەنگی نارەزایەتی فدارسیۆن بەدژی گەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی، بەگۆی دەولەتی بەریتانیا دەگات!




ئەمرۆ 2003/6/17 کات ژمیری 12 پاش نیوەرۆ فدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا خۆپشاندانێکی نارەزایەتی لەبەردەم هۆم ئۆفیسی لەندەن بەریخست بەدژی پلانی حکومەتەکەی تونی بلیر بۆ گەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی.

خۆپشاندەران بەدروشمی (عیراق و کوردستان ئەمن نی یە) و (نابۆ گەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی) بەیەك دەنگ دەوترایەوەو سەرنجی ریبواران و خەلکی ئەو ناوچەیەو کارمەندانی هۆم ئۆفیسی رادەکێشا، هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە راگەیاندنەکانی ئەم خۆپشاندانە بلاوکرایەوە.

لەم خۆپشاندانەدا شیعاری گەورەی فدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ونائەمن بوونی عیراق بەگەورەی رووکاری بەردەم هۆم ئۆفیسی داگرتبوو، هەروەها کەنالەکانی راگەیاندن و میدیای بەریتانیا خەریکی راپورت ئامادەکردن بوون لەم خۆپشاندانە.

ئەم خۆپشاندانە لە کاتێکدا بوو کە رۆژی پێشتر هۆم ئۆفیسی بەریتانیا پرۆژەی خۆی لەژیر ناوی گەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی بەشیوەی خۆبەخش راگەیاندبوو، بەلام ئەم بەرنامەیەی لەگەل نارەزایەتی توندی فدراسیون و پەنابەراندا رووبەروو بوو، هاوکات لەگەل دەرکردنی ئەم پرۆژەیەدا کەنالەکانی تەلەفزیونی بەریتانیا و سەرجەم رادیووکانی (بی. بی. سی) و رادیو دەنگی ئەمریکاو گۆڤاری رۆژانەی (THE NEWS LINE) لەگەل بەرپرسی فدراسیون و ئەندامانیدا وەك تاکە نوینەرایەتی پەنابەرانی عیراقی چاوپێکەوتنیان کردو تیکرا ئەم پرۆژەیەیان بەتووندی محکوم کرد، دەولەتی بەریتانیاو ئەمریکایان بەرپرس کرد بە تیکدانی شیرازەی کۆمەلگای مەدەنی عیراق وە نائەمنی و کۆشتارو رەخساندنی هەل بۆ ئیسلامی وقەومی یەکان، کە بکەونە گیانی خەلکی بێ تاوانی عیراق وە هەرخۆیان بەرپرسن لەو سیناریوە رەشە ومسولیتی ئەو وەزعیتە راستەو خۆ لە ئەستۆی ئەواندایە، ماف پەنابەریش هەقی بێ ئەم لاو ئەولایە بۆ پەنابەرانی عیراقی و لەهەولومەرجیگی ئاوا سەرگەردانی کۆمەلگای عیراقدا هەزار جار زیاترە.

وەفدێکی فدراسیون کە پێك هاتبوو لە (دەشتی جەمال) بەرپرسی فدراسیون لە بەریتانیا (نوری بەشیر) بەرپرسی رێکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و (سەوسن سەلیم) نوینەری رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەگەل نوینەرایەتی هۆم ئۆفیس دا دانیشتن و نامەی فدراسیونیان بۆ دیڤید بلانکیت بەربرسی وەزراتی داخلی تەسلیم کرد دژ بە هەر پرۆژەیەك بۆ گەرانەوەی پەنابەرانی کوردو عیراقی.

بەدەیان پەنابەر و (ئارام حەمە سەعید) بەریرسی فدراسیون لەشاری لیستەر لەگەل حزبی سوسیالست، و (کریس) لەبزووتنەوەی دیفاع لە مافە مەدەنی یەکان و کەمپینی دژی راسیزم فاشیزم و فدراسیونی پەنابەرانی ئیرانی و دوان لە ئیتحادیەکرێکاریەکانی بەریتانیا لەم خۆپشاندانە ئامادەبوون و هاوکات ئیمزای دەیان پەنابەر لەشارەکانی هۆدسفیلد ستۆك ئۆن تیرن بۆ پشتیوانی لەم خۆپشاندانە گەیشتبوو راگەیەنرا.

بەرپرسی فدراسیون بەدژی ئەم سیاسەتە دەولەتی بەریتانیا بەرامبەر بە پەنابەران قسەو باسی کردو پاشان پشتیوانانی ئەم کەمپینەی فدراسیون (نوری بەشیر) و (هۆزان محمود) بەرپرسی بەرەی حقوقی ژنانی عیراقی (سەوسن سلیم) و (ستیڤن) لەپارتی سوسیالست تو (رەزای مورادی) بەرپرسی فدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرایئیرانی لەبەریتانیا پەیامەکانی خۆیان راگەیاند. لەم پیناوەدا کەمپینی فدراسیون بەردەوام دەبیت.

**فدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا**

17-6-2003

P. O BOX 1575 ILFORD IG1 3BZ d. jamal@ukonline. co. uk